مەسرور بارزانی وپارتریارک مار ئاوای سەیەم جەخت لە بڕودان بە کولتووری بەیەکەوەژیان دەکەنەوە

سەرۆک وەزیران مەسرور و پارتریارک مار ئاوای سەیەم پاتریارکی کەنیسەی ئاشووریی ڕۆژهەڵاتی لە جیهان، جەختیان لە بڕودانی زیاتر بە کولتووری تەبایی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە.

ئەمڕۆ سەشەممە 5/13، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە پارتریارک مار ئاوای سەیەم پاتریارکی کەنیسەی ئاشووریی ڕۆژهەڵاتی لە جیهان کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی گشتیی کریستیانەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە تاووتوێ کرا و جەخت لە بڕودانی زیاتر بە کولتووری تەبایی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کرایەوە.